# خەتەنەی ژنان

پیاو بەخیلایەتی و نارەزایەتی خۆی لە ئاست هەستی لەزەتی ژنان لە کاتی جووتبووندا بە توونودترین شێوە دەردەبڕێ. دەمەچەقەکەی نێوان زەیوس[١] و هێرا[٢] لەسەر ئەوەی کە لە کاتی جووتبووندا کامیان لە کامیان زیاتر لەزەت دەبەن بەناوبانگە. ئەوان وەڵامی ئەم پرسیارەیان بە تیرەسیاس، کە خۆی هەم ژن و هەم پیاو بوو، ئەسپارد و بە باشترین بڕیاردەریان دانا. تیرەسیاس بۆچوونی زەیوسی بە دروست زانی و گوتی کە ژن لە جووتبووندا دە بەرامبەری پیاو لەزەت دەبا.

پیاو پێی خۆش نییە ژن لەزەت لە سێکس دەبا، چونکو وا دەزانێ ئەم پێخۆشبوونە دەبێتە هۆی ئەو بیرە ناپاکە کە پیاو بۆ ئەمە خوڵقاوە تاکو لەزەت بە ژن بدا، نەك ئەوی کە ژن بۆ خۆشی و ڕاحەتی پیاو خوڵقابێ، واتا بە ئەو جۆرەی کە پیاو پێوایە. ئەم گومانە هەراسی بە پیاو هەڵێنا و وەهای لە پیاو کرد کە "تۆڵەی خۆی لە ژن بکاتەوە و چەند سەد ساڵە کردوویەتی بە کوێڵەی خۆی".

ئەم ڕاستییە سانایە هەبوو و هەیە کە پیاوانی ماسکولین پێیان خۆش نییە و پەکیان لەسەر ئەوە نەکەوتووە کە ژن لە ئەزموونی سێکسی خۆیاندا بەشدار بکەن. ئێمە لێرەدا ناکۆکییەك دەبینین ئەویش ئەمەیە هەرچەند پاتریاکالیستی پیاو ژن تەنیا وەك کەرەسەی سێکس چاو لێدەکا بەڵام هەر دیسان لە هەوڵی لەمپەرسازکردندایە بۆئەوەی ژن لەزەتی جنسی نەبینێ. دیارە ماتریاکالیست ژنان "ڕازی" دەکا و پاتریاکالیست "وەسەر" ژن دەکەوێ.

لە کۆتایی شۆڕشی پاتریاکالیدا بوو کە پاتریارکاتێکی دەمارگرژ مێتۆدێکی دیتەوە کە چۆن لەزەتی جنسی ژنان کەم بکاتەوە، بێ ئەوەی زیانی بە لەزەتی پیاوان بگەیەنێ. ئەرەستوو گوتی: "میتکە بۆ خۆشیی ژنانە"، کە وایە بیبڕن! دەڵێن خەتەنەی میتکە یان خەتەنەی ژنان لەلایەن خەڵکی لیدێن[٣] لە دەورانی گیپس[٤] دا داکەوتووە.

بەڵام هێرودۆس دەڵێ: "لێدن لە زەمانی گیپسدا لەلایەن ژنانەوە بەڕێوەچووە و گیپس لەسەر داوای پاشاژن پاشای کوشت و لەتەك پاشاژندا بوو بە هاوسەر و تاج و تەختی وەدەستهێنا." هەربۆیە ئەم بۆچوونە زۆر دوور لە ڕاستی دەزانێ. زۆر کەس باوەڕیان بە حەکایەتی هاجەر، ژنی لاوەکی ئیبراهیم و دایکی ئیسماییل هەیە و نێزیکتر بە ڕاستی دەزانن و هاجەری بە یەکەم قوربانی خەتەنەکردن دادەنێن.

زۆر کەس دەڵێ ئەم کردەوەیە لەنێو سامییەکاندا داکەتووە، لەبەر ئەوەی کە عەرەبان زۆر پابەند بوون و ئێستاش یەکێك لە هەرە لایەنگرانی خەتەنەکردنن. "کوڕی دایکی خەتەنەنەکراو" پیسترین جنێوە کە کەسێك دەتوانێ بە کەسێکی تری بدا. ئەو ئەنگیزانەی عەرەبان سەبارەت بە خەتەنەی ژنان دەیلێن، هەروەك ئەنگیزەکانی دەورانی هەرە کۆن سەبارەت بە خەتەنەکردنی پیاوان، جۆراوجۆرە. هۆی سەرەکیی باس لە پاکی ژنانە. عەرەب دەڵێن: ژنانی خەتەنەنەکراو زیادە لە پێویست هەستی سێکسوالیان هەیە و ئەوەش دەبێتە لاربوونەوەیان بەرەو خەیانەت و بێوەفایی. سر ڕیچارد بورتۆن[٥]، عەرەبناسی بەناوبانگ، دەڵێ بڕین و وەلابردنی میتکە و لیچی زێ پێخۆشبوونی ژنانی زیاتر دەکا بەڵام کەمتر ڕازییان دەکا. بورتۆن دەنووسێ: "تەئسیرە ئەخەلاقییەکەی خەتەنەکردنی ژنان گرینگە." لە کاتێکدا ئاگری سۆز کەم دەکاتەوە، بەڕەڵلایی زیاد دەکا و بیری فەساد پێکدەهێنێ کە زۆر خراوترە لە ناپاکی لەش.

هۆیەکی تری خەتەنەکردن کە باسی لێدەکرێ ئەوەیە کە بەر بە پشکۆی ئەوین بگرێ. لە چەندێ شوێندا باس لەمە کراوە کە بە ئۆرگازمگەیشتنی ژن دەبێتە هۆی بەرگری پیتێن، ئاگری سۆز دەتوانێ تۆیەکە لەنێوبەرێ. داوێنپورت دەڵێ: "ژن کە گڕ دەگرێ ئەو ئاوی تۆیەی کە لە پیاوی وەرگرتووە ویشکی دەکا و ئەگەر لەم حاڵەتەدا منداڵ بخولقێ، ئەوە منداڵەکە سەقەت دەبێ و نۆ مانگ لە سکیدا نامێنێتەوە".

داوێنپورت هێندێك نەقڵ لە "سەفەرە بۆ ئابێسین"، دەهێنێتەوە و هۆیەك بۆ خەتەنەکردنی ژنان دەهێنێتە ئاراوە کە هیچ ئەقڵ نایبڕێ، ئەو دەڵێ: "ژنان لە میسر، ئابێسین[٦]، وڵاتانی عەرەبی و ناوچەکانی هاوسنوور میتکەیان ئەوەندە گەورە دەبوو، کە بەری جووتبوونی دەگرت، بە هۆی ئاووهەوا یان هۆی تر، بەگشتی زۆر جار نەشتەرگەری بەڕێوەدەچوو." ئەو لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: "گەر بێتو نەیبڕن و بهێڵن گەورە بێ، ئەوەندە درێژ دەبێ بەقەرا ملی قازێکی لێدێ." ئەو دیسان دەڵێ: "لەم سۆنگەیەدا پیاو هاتووە ئەم بەشە زیادییەی جەستەی بڕیوە."

داوێنپورت دەگێڕێتەوە: "کاتێك قەشە مەسیحییەکان لە قیپتیکانیان[٧] قەدەخە کرد کە ئیتر نابێ میتکەی کچەکانیان ببڕن، ئەوان لە دین وەرگەڕان. بەم چەشنە کاتێك کچەکان گەورەبوون و پیاوەکانیان دەیانخواستن، پیاوەکان لەوەی کە کچە قپتییان خواستووە تووشی دەردەسەری دەبوون، هەربۆیە دەچوون ژنی کافریان دەهێنا، چونکو ژنە کافرەکان خەتەنە نەدەکران و بەهۆی ئەم ژنومێردایەتییە پیاوەکان لە دین وەردەگەڕان."

قەشەکان لە هیچ شوێنێك نەیاندەتوانی دانیشتنی گەورەی بەکۆ پێکبێنن و جەماوەرێکی زۆر لە خۆیان کۆبکەنەوە. قەشەکان ئەم سەرلێشێواوییەی خۆیان بردە لای شورای کاردینال لە ڕۆمێ. ئەوانیش زۆر بە گرفتێکی گەورەیان دانا و نوێنەرانی خۆیان نارده شوێن و ناوچەکان تاکو ڕوونکردنەوەیان بۆ بهێنەوە. نێردراوەکان لە گەڕانەوەدا بۆ ڕۆمێ باسیان کرد کە بەڕاستی ئەو ئاووهەوا گەرمەی ئەوێ و یان شتێکی تری لەم بابەتە بووەتە هۆی گەورەبوونی میتکە و ئەو کارە شەرعییەی کە لە مێرد و ژنایەتیدا دەبێ بکردرێ، پێشی پێدەگیرێ. شورای مامۆستایان کە ئەم ڕاپۆرتەیان وەرگرت، بڕیاریاندا چونکو ئەم گۆڕانکارییە دەبێتە گرفتێك بۆ ژنومێردایەتی، هەربۆیە حەتمەن دەبێ بڕیارەکەی پێشوو ڕەدکرێتەوە. کاتۆلیکەکانی قیپتی و میسرییەکانی تر سەرلەنوێ بڕیاری خەتەنەکردنیان دایەوە.

ئەم ڕاپۆرتەی ساڵی ١٧٨٩ی پاریس، نیشاندەدا کە تەنیا ژنان لە میسر و عەرەبستان قوربانی زیادە گەورەبوونی میتکە (کلیتوریس) نین: "پیاوێك شەوی هەوەڵی زەماوەندی، کاتێك دەبینێ ئەندامی زایەندەی ژنەکەی هەروەك ئەندامی زایەندەی پیاوانەی خۆی ڕەپبووە یەکجار قوشقی دەبێ. پیاوە زۆر دەترسێ و لە تەختی خەوە دێتەخوارێ، وا دەزانێ کە ئەوە سێحر و جادوی لێکراوە و یان ئەوە کە بووکەکەیان لێگۆڕیوە و پیاوێکیان بە جێگای بۆ داناوە. هەربۆیە گورجانێك چرای دێنێ و لەبەر ڕووناکی تەماشای دەکا، ژنەکەی خۆی دەناسێتەوە. تەماشای نێوگەڵی ژنەکەی دەکا، سیرەتێکی درێژ و ڕەپ هەروەك هی خۆی بە ژنەکەیەوە دەبینێ. دوایی لە ژنەکەی پرسیار دەکا، ژنەش ڕوونی دەکاتەوە ودەڵێ: هەموو ژنێك لەم بەشە لە جەستەدا هەروەك ئەو خوڵقاون. هەرچەند ژنە لەبەر مێردەکەی دەپاڕێتەوە کە بێتەوە نێو تەختەکەی، کابرا ملنادا. لە کۆتاییدا ژنە سەردەکەوێ و دەستدرێژی جنسی بە مێردەکەی دەکا، واتا ژنە ڕۆڵی پیاوەکە داگیردەکا." داوێنپورت باسی چۆنێتی کۆتاییەکە ناکا.

هۆیەکی تریش کە لە ئاست خەتەنەکردنی ژنان دەیهێنە ئاراوە ئەوەیە کە "ژنان کەڵکی ئاوەڕوو لە یەکتر وەرنەگرن". ت. بل دەنووسێ: "ئێمە بەڵگەمان بە نووسراوە هەیە کە جاری وەها هەیە میتکە ئەوەندە نائاسایی گەورە دەبێ کە ژنان بە میتکەی ئاوا گەورەوە دەستدرێژی جنسیان بە کچۆڵان کردووە... لەنێو نەتەوەکانی ئاسایی بەتایبەت لەنێو عەرەباندا خەتەنەکردن بەم هۆیەوە ئەنجامدەدرێ کە پێش بەم چەشنە پێوەندییە ناسروشتییانە بگیرێ."

تەواوی ئەم هۆیانەی کە باسیان کران سەرنجڕاکێشن، بەڵام زۆر زۆر کەم جێی باوەڕن. تەنیا دەتوانین بڵێین هۆی سەرەکی و بناخەی ڕاستەقینەی خەتەنەکردنی ژنان بەخیلی و سادیسمی پیاوانە کە هەوڵدەدا ژنان سزا بدا، ئەویش تەنیا لەبەرئەوەی کە ژنن. نەشتەرگەرییەکە لە تەمەنی منداڵیدا لەسەر کچە عەرەبان دەکرێ، میتکە و لچی زێیان تاکو ئێسقان بەتەواوی بە چەقۆیەکی تیژ دەبڕن. ئەم کارە زۆر لە نەشتەرگەریی خەتەنەی پیاوان پڕمەترسی ترە، بەئێشتر و بەخوێن ترە و مەبەستێکی تری بێجگە لەوەی کە کچان لە داوڕۆژدا بێبەش لە لەزەتی جنسی بکەن، هیچ مەبەستێکی تری نییە.

خەتەنەکردن تەنیا شێوەیەکە لە تۆڵەئەستاندنەوەی ژنان لەپێناوی ئەوەدا کە ئەوان توانایی سێکسیان لە پیاو زۆرترە.

> **لە سۆنگەی خەتەنەدا ژنانی خەتەنەکراو بەمە مەحکوم کراون کە ئارەزومەند بن و بۆ هەمیشە بە دوای لەزەتدا بن و نارازی بمێنەوە.**

تەنیا لەم وڵاتانەی کە پیاوسالاری بە شێوەیەکی بێ سنوور پێشکەوتووە بەڕێوەدەچێ. دەتوانین بڵێین لە وڵاتانی سامی، واتا نەسلی حەزرەتی نەوح دا جوولەکان بەرلە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسراییل حاشایان لەوە دەکرد کە ئەوان کردەوەیەکی ئاوایان دەرحەق بە کچەکانیان کردبێ، بەڵام بەڵگە هەیە کە پێچەوانەی ئەمە نیشاندەدا. ڕیچارد بورتۆن دەڵێ: "ئەم نەریتە ئایینییە تاکو زەمانی گیرشاموسی مالم، واتا هەزار ساڵ دوای مەسیح لەنێو جولەکاندا هەر هەبووە."

گیرشاموس ئەمەی وەك قەباحەتێك تەماشا کردووە. هەروەها بورتۆن دەڵێ: "من وا بزانم ئێستەش ئەم نەریتە ئایینییە لەنێو تایەفە دواکەوتووەکانی جوولەکەدا هەر بەردەوامە. نەریتێك کە تەواوکەرێکی گونجاوە بۆ خەتەنەی پیاوان، لای هەردوو جنس هەستی جنسی کەم دەکاتەوە. ژنێکی خەتەنەنەکراو زۆر زووتر و خۆشخۆشتر لە پیاوێکی خەتەنەکراو ڕاحەت دەبێ و جووتبوونی دوابەدوای یەکتر زیان بە سڵامەتی ژن دەگەیێنێ."

ئەمانە قسەی پیاوی پیاوان، ڕیچارد، بوون کە بەجێگەی هەموو پیاوێکی پیاوسالار فەرموویەتی. ئەو هیچ پەرۆشی ساخی و سڵامەتی ژنانی نییە، بەڵکو تەنیا لەبەر توانایی و لەزەتبردنی زۆرتری ژنانە لە سێکسدا، ئاوا دەڵێ. ڕیچارد خۆی دان بەمەدا دەهێنێ کە ژنانی خەتەنەکراوی دەوروبەری تەقریبەن لە ڕاحەتبووندا ناتەوان بوون، واتا ڕاحەت نەدەبوون، هەربۆیە دووقات سۆیان دەچوو بەڵام هەر بە ڕاحەتبوون نەدەگەیشتن. ڕیچارد بورتۆن هەروەها شاهیدی لەسەر ئاکامی خەتەنەی ژنانی عەرەب دەدا: "ئەوان لە شاری عەدەن خۆفرۆشییان دەکرد، بەتەواوی میتکە و لیچی زێیان بڕابوو و لەسەر پێستیان جێشوێنی بڕین و تەقەڵە زلەکان مابۆوە."

لێکدروونی شوێنە بڕاوەکان شێوەیەك لە قایمکاری بوو کە پاکداوێنی کچانی جحێڵ بەرلە شووکردن بپارێزن. کاتێك نەشتەرگەر میتکە و لیچی زێی بڕی بەشەکانیان بە تەبنە و دەزووی چەرمی مەڕی لێکدەدرووە و لە هەمان کاتدا بۆ میزکردن لوولەیەکی ئاسنەواڵەیانی بۆ دادەنێن. مانگێك بەرلە شەوی زەماوەند، بووك خۆی بە گۆشتی گا و هەنگوین و شیر بەهێز دەکا. ئەگەر زاوا بتوانێ بووکی بە چەکە سرووشتییەکەی خۆی بکاتەوە، ئەوکات ئەوە ئەو شەڕکەرێکی ئازایە. ئەگەریش سەرنەکەوت هەوڵدەدا بە قامکی بیکاتەوە، ئەگەر هەر نەبوو وەك ئاخرین ڕێگەچارە خەنجەرەکەی دەردەکێشێ و تەقەڵەکان لێکهەڵدەدڕێ. بە دڵنیاییەوە دەبێ ئەو ئێش و ئازارەی کە بووك دەیکێشێ زۆر ناخۆش بێ."

ئینسان ناتوانێ هەر ئاوا بە سانایی لەم بەشەی دوایی تێپەڕێ و گومان لە سەرچاوەی ئەم کردەوە نەکا. کردەوەیەك کە سادیسمی پیاوەتی لە پێوەندی لەتەك بەخیلی جنسی نیشاندەدا. تەواو هۆی خەتەنەی ژنانە چەشنێك وەحشیگەرییە، واتا حەیوان سفەتی پیاوسالارییە کە لە هێندێك وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا باوە.

مانتێگازا، ئینسانناسی ئیتالیایی، ساڵی ١٨٨٥ نووسی: "خەتەنەی ژنان لە میسردا داکەوتووە، چونکو پیاوانی میسری پێیان خۆش نەبوو لە جووتبووندا ژنان بەشی هەوس و ئیشتایان بەدەستەوە بێ[٨]. لە سۆنگەی خەتەنەدا ژنانی خەتەنەکراو بەمە مەحکوم کراون کە ئارەزومەند بن و بۆ هەمیشە بەدوای لەزەتدا بن و نارازی بمێنەوە... ئینسان ئەوین و خۆشەویستی بە خۆشیی و شادیی هەردووك لایەنان دادەنێ، هەربۆیە کاتێك لایەنێکیان لەزەتی لایەنەکەی تر سەرکووت دەکا بێجگە لە سووکایەتیکردن بە کەسەکە و نیشانەی هەرزەیی، بێڕەحمییەکی وەحشیانە خۆی هیچی تر ناسەلمێنێ."

**پەراوێزەکان**

[١] یەکێك لە خودا گەورەکانی یونانی کەون، کە وەك بەدەسەڵاتدار ترین پیاوی جیهان تەماشای دەکرا.

[٢] خوشك و ژنی زێئوس و شاژنی ئولیمپێن. بەرلە هەموو شتێك وەك خودا ژنومێردایەتی تەمشای دەکرا.

[٣] ناوچەیەکە لە ئاسیای بچووکی ٧٠٠ ساڵ بەرلە مەسیح.

[٤] پاشای لیدێن و یەکەم دەسەڵاتدار کە پێی گوتراوە تیران، واتا دیکتاتۆر (دەوری ساڵانی ٦٥٧-٧٨٥).

[٥] لێکۆلێنەری ئینگلیزی (١٨٢١-٩٠)، ساڵی ١٨٥٣ سەردانی مەکەی کرد.

[٦] بەری ساڵی ١٩٤٥ ئەفریقا پێی دەگوترا ئابێسینێن.

[٧] لە هەرە میسریی‌یە ڕەسەنەکان و کۆنترین مەسیحییەکانن.

[٨] لە سەدەی ١٨ و لە سەرەتای سەدەی ١٩ تەنانەت لە وڵاتی ئەمریکا بەخیلایەتی سێکسی پیاوان بە یارمەتی شورای پزیشکی مافی خەتەنەکردنی ژنانی وەدەستهێنا. هەر ئەوەندەی پیاوێك گوتبای وا وێدەچێ ژنەکەم خوشخۆش ئیشتیای سێکس دەکا، یان ئەوەی هەستی سێکسی تێدا زۆرە، پزیشکان گورجانێك هێلکەدانی ژنەیان دەردەهێنا و یان میتکەیان بە چەقۆ دەبڕین.

**وەرگێڕان لە سویدییەوە:**
**مەرزە جەوانمەرد**

سەرچاوە/
لە کتێبی:
I begynnelsen var kvinnan
نووسەر: Elizabeth Gould Davis